# دوو لافیتەی سەنتەری گەنجانی رانیە
# 786 گەنجی (حاجیاوا)ی لە ماڵ هێنایە دەر

ئەگەرچی تەنیا سێ رۆژ مۆڵەت دانرابوو، بۆئەوەی گەنجانی حاجیاوا ئەوانەی دەیانەوێت لە پڕۆژەی چالاکی گەنجان دا بەشدار بن، ناوی خۆیان تۆمار بکەن بەڵام لەماوەی ئەو سێ رۆژەدا زیاتر لە 786 گەنج ناوی خۆیان تۆمار کردو لە خولەکاندا بەشداریان کرد .

سەنتەری چالاکی گەنجانی رانیە، یەکێك لە چالاکیە گەڕۆکەکانی تری خۆی لە شارۆچکەی حاجیاوا لە سنووری مانگی هەشتدا کردەوە، کە بریتی بوو لە کۆرسێکی رۆشنبیری گشتی لەسەر تەوەرەکانی ( کۆمەڵگای مەدەنی , دیموکراسی , علمانیەت , رۆژنامەگەری ,نەوەی کۆن و نەوەی نوێ , جوانی و خۆشەویستی ) هەروەها خولەکانی (زمانی ئینگلیزی ، کۆمپیوتەر، ئینتەرنێت، دروومان )کە هەر یەکەیان بریتین لە چەند گروپێك و رێژەیەکی ئێجگار زۆری گەنجی کورو کچ بەشداریان تێدا کردوە بە شێوازێك کە تەنها کورسیەك لەو مەکتەبەدا نەماوە گەنجێك لەسەری دابنیشێت . میکانیزمی کارەکە لە هەڵواسینی دوو لافیتەی ئاگاداری دەستی پێکردو لە کەناڵە لۆکاڵیەکانی رانیە بە گشتیو تەلەفزیۆنی راپەڕین بەتایبەتی بانگەواز کراو. پاشان گەنجانی حاجیاوا بە عیشقێکی زۆرەوە لە کتێبخانەی گشتی حاجیاوا ناوی خۆیان نووسیو کتێبخانە ئەو ئەرکەی خستە سەر شانی خۆیو لە رۆژی 2007/8/6 بە هاوکاری بەڕێوەبەرایەتی ناوەندی هیران بۆ تەرخانکردنی بیناکەو کار ئاسانی بەڕێوەبەری ناحیەی حاجیاوا بۆ تەرخانکردنی رێژەیەك کۆمپیوتەرو موبەریدە ، سەرجەمی خولەکان دەستیان پێ کردوو، لە سەرژمێری سوودمەندان، وەك ئامارێکی بەرایی زیاتر لە 786 گەنج بەشدارن، لە هەردوو رەگەزی کورو کچ، بڕیارە ئەو پڕۆژە چالاکیە ماوەی یەك مانگ بخایەنێتو لەکۆتاییدا ئاهەنگی دەرچوون ساز بکرێتو بڕوانامە بەسەر سەرکەوتوواندا دابەش بکرێت .



